# سیستەمی نوێی جیهانی, ستراتیژی سیاسەتی ئاسایشی نوێی ئەمریكا
# لە زمانی داڕێژەرانی نەخشەكە خۆیانەوە.

نووسینی دایڤید ئارمسترۆنگ

وەرگێڕانی بۆ كوردی بەكر ئەحمەد

**پێشەكییەكی كورت:**

ئەم وتارە وەرگێڕدراوەی بەردەستتان, لەلایەن "دایڤید ئارمسترۆنگ" وە نووسراوە كە لە بەشی لێكۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی لە The National Security News Service كاردەكات.

سەرچاوە بەكارهێنراوەكانی وتارەكەی ئارمسترۆنگ, خودی ڕاپۆرتی كۆتایی و ڕاگەێندراوی ستراتیژی سیاسەتی ئاسایشی نوێی ئەمریكا نییە كە لە سێپتێمبەری 2002 دا لە ماڵپەڕی كۆشكی سپیدا بلاوكراوەتەوە. بەڵكو ئەو ڕەشنووس و دەستپێشخەرییە جۆراوجۆرانەن كە بە درێژایی نەوەدەكان و تەنانەت بەر لە ڕووخاندنی بلۆكی خۆرهەلات لە بۆنەی جۆراوجۆردا ئاشكراكراون.

بۆ كەسێك كە دەیەوێت ئاشنایەتیەكی زیاتر لەگەڵ ستراتیژی سیاسەتی "نوێ"ی ئاسایشی ئەمریكادا پەیدا بكات, دەتوانێ لەسەر ماڵپەڕی كۆشكی سپی تەواوی ڕاپۆرتەكە ببینێت. ئەدرەسی ئەم دۆكۆمێنتە لەسەر ماڵپەری كۆشكی سپی بریتییە لە: http://www.whitehouse.gov/nsc/nss.html

گرنگی وەرگێڕانی ئەم بابەتە بۆسەر زمانی كوردی لەوەدایە كە باسو جەدەلە جیاوازەكانی ئەمرۆكەی دنیا لەسەر ئەم دۆكۆمێنتە بە تایەتی و سیاسەتی نوێی ئەمریكا , پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆی بە جێگاو ڕێگای هەموو هێزەسیاسی و كولتوریەكانی ئەمرۆكەی دنیاوە هەیە. ئەمرۆكە كوردستان شوێنی پراكتیزەكردنی بەشێكی گەورەی ئەم هەڵوێستوەرگرتنەی ئەمریكایە, بینینی خۆ لەم دۆكۆمێنتەدا كارێكی بەسوودە بۆ تێگەیشتن لەو دنیایەی كە بەبەرچاوماندا دەگوزەرێ.

ئەم وتارە لەلایەن "تۆمی بێنگتسۆن"ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سویدی و لە گۆڤاری وەرزی Arena و لە ژمارە 6 دێسێمبەری 2002 بلاوكراوەتەوە.

لە كۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم كە بۆ وەرگێرانی بەشێك لەو چەمك و دەستەواژلەی لە زمانی كوردیدا نین, ناچار بووم كە خودی وشە ئینگلیزییەكانی بەكاربەرم. بۆ نموونە ئەم دوو چەمكە (مەڵتیلاترالیزم و یونیلاتێرالیزم)وەك خۆیان بەكاردەبەمەوە. یەكەمیان بە مانای ڕەفتارنواندن یان بڕیاردانێك كە بە گشت دەدرێت نەك بە تەنها. دووەمیشیان بە مانای پێچەوانەی ئەوی دیە. پەلاماردانی سەربازی عێراق لە لایەن ئەمریكاوە كە لە دەرەوەی سنوورەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و كۆمەڵگای نێو نەتەوەیدا ئەنجامدراوە, بە كۆششێكی ئەمریكا سەرنجەدرێت بۆ خوڵقاندنی سیسەمێك كە یونیلاتێرالیزم تیایدا سەروەرە نەك سیستەمێك كەلەسەر بنەمای فرەدەنگی و پێكەوەیی هەڵوێستنوواندنە.

لەناو ئەو نووسەرانەدا کە دۆکۆمێنتەکانی دەوڵەت دەنووسنەوە, کەمێکیان نەبێت ڕاشکاوانە و پڕخولیایانە ئەم ئەرکە ئەنجامدەدەن لە چاو ئەوانی تردا, بەڵام کەمێکیش لەو دۆکۆمێنتانە ئاوا ڕاشکاو و پڕخولیایە لەچاو ئەو دۆکۆمێنتەی کە جێگری سەرۆکی ئەمریکا "دیك چینی" نوسیویەتی. ئەم دۆکۆمێنتە, لە درێژەی ئەم چەندین ساڵەی ڕابردوودا بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر داڕێژراوەتەوە. لە ڕاستیدا بەرهەمی کۆمەڵێك نووسەرانی بێدەمووچاوی ترە کە کۆڵین پاوەڵ و پاوڵ وڵفۆویتز تەنها دوو ناون تیایدا. بەلام چینی لە درێژەی ئەم ماوەیەدا هەمیشە لەپشت ئەو پێشنیارە کۆنکرێتانەوەی کە لە دۆکۆمێنتەکەدا خراونەتە ڕوو ڕاوەستاوە و پشتگیریکەری ئەو ناوەڕۆکە ئایدیۆلۆژییە بووە کە دۆکۆمێنتەکەی لەسەر هەڵچنراوە.

با ئەم گریمانە قبوڵکەین کە دیك چینی ناو دەنێین نووسەر و ئەو زنجیرە لە دۆکۆمێنت کە دراونەتە دەر, ناو بنێین, نەخشەکە. وەك دۆکۆمێنتێکی بڵاوکراوە, نەخشەکە تەنها لەیەك کاتدا بڵاوکرایەوە بە ناوی: Defense Strategy For The 1990: s.

کاتێکیش دیك چینی پۆستی خۆی وەك وەزیری دیفاعی ئەمریکی لە حوکمەتی بۆشی باوکدا جێهێشت, نەخشەکەی ئەو, دوای خۆیشی گەورەبوونێکی بێئەندازەی بەخۆیەوە بینی کە زیاتر بە ئەفسانەی Leaves of Grass ی واڵت وایتمان نزیکدەبێتەوە. یەکەمین جاریش کە نەخشەکە ئاشکرایی بەخۆوە بینی, بە شێوەی ڕەشنووسی Defense planing Guidannce بوو لە ساڵی 1992 کە دیك چینی بە قەناعەتێکی کەمەوە دوورەپەرێزی خۆی لەبەرانبەریا ڕاگەیاند. پاشانیش بە شێوەی ڕەشنووسێکی دیکەی دەستکاریکراو و بە زمانێکی کەمێك تووڕە ترەوە لە هەمان ساڵدا بڵاوکرایەوە.

لە حوزەیرانی ساڵی 2002 دا لە وتەیەکی جۆرج دەبلیو بۆشدا لە قوتابخانەی سەربازی وێست پۆینت, ئاماژەی پێکرا و لە مانگی تەمووزیشدا نەخشەکە لە ڕێی مێدیاکانەوە ڕۆشنایی بینی و وەك Defense planing Guidannce یێکی تر بە ئیمزای دۆناڵد ڕامسفێڵد ڕاگەیێنرا.

بەلام شێوازی کۆتایی نەخشەکە وەك ستراتیژی سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا پەسەندەکرێت. بۆیەش دیك چینی دەبێتە ئەو تاکە نووسەرەی کە وتەکانی دەبێتە واقعی ئێمە. خەونێك کە کەمێك لەنووسەران دەتوانن ببینن.

کورتەی ناوەڕۆکی نەخشەکە بریتییە لەوەی کە ئەمریکا دەبیٚ فەرمانڕەوایی جیهان بێت. وشەی بناغەیی ئەم نەخشەیە یونیلاتێرالیزمە. بەڵام بناغەی خودی نەخشەکە دەربارەی بالادەستی بیٚ ئەملاولای ئەمریکایە. ئەمەش کۆمەك بە ئەمریکا دەکات کە بالادەستی سەربازی خۆی بهێڵێتەوە بۆ تۆقاندنی هەر هێزێکی تر کە دەیەوێت ڕەقابەتی ئەمریکا بکات لەسەر شانۆی سیاسی جیهاندا. بە کورتییەکە نەخشەکە دەربارەی دەسەلاتە نەك هەر بەسەر دوژمناندا, بەڵکو بەسەر دۆستەکانیشدا. نەخشەکە پێماننالێت کە ئەمریکا دەبیٚ بەهێز بێت, یاخود بەهێزترین بێت, بەڵکو پێماندەڵێت کە دەسەلاتی ئەمریکا دەبێت دەسەلاتێکی ڕەها بێت.

کۆششە سەرسەختانەکەی دیك چینی بۆ پێگەیاندنی نەخشەکە, وەك کۆمیدیایەك یان دروستتر وەك تراژیدیایەك دەهاتە بەرچاو, ئەگەر ئەمڕۆ نەبوایەتە ئامرازی ڕێنیشاندانی سیاسەتی ئەمریکا. بەڵام سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە کەمن ئەو کەسانەی کە درکیان بەوە کردووە کە نەخشەکەی دیك چینی مێژوویەکی لەپێشینەی هەیە. ئەوەی کە ئەم نەخشەیە ڕۆژگارێك "کلك و گوێی" بۆ کرا پاش ئەوەی کەوتە بەر پەلاماری ڕەخنەیەکی بیٚ بەزەییانە, یاخود دووبارە داڕێژرایەوە وەك پێشنیارێکی تر بۆ ستراتیژی سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا لە جیهانێکدا کە بە هیچ شێوەیەك لەمڕۆ نەدەچوو. دیك چینی پیاوێکی بەدەستوبردە, هەر بۆیەش ئینسان دەکریٚ سەرسام بێت بەو پێداگرییەی ئەو لە بواری چالاکی سیاسەتدا.

بۆ دە ساڵ لەمەو پێش ئەو دەستی هەڵبڕی و ئاڕاستەی گۆڵی کرد, ئێستاش تۆپەکە لەناو شەبەکەی گۆڵەکەدایە.

## له سەرەتاوە, گرفتی پارە

نەخشەکە لە بناغەدا دەربارەی پارە بوو. یەکەمین دەستنووسەکانی ئەم نەخشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سالی 1989 کاتێك مەترسی پێکدادان لەگەل سۆڤیەتی ئەوسادا بەرەبەرە لە کەم بوونەوەدا بوو, هاوکاتیش چۆنێتی پەسەندکردنی هاوڵاتیانی ئەمریکی بۆ ئەو بوودجە سەربازییە گەورەیەی ئەوسا, خاڵێکی تر بوو. دیك چینی لەوکاتەدا کە وەزیری بەرگری جۆرج بۆشی باوك بوو, ڕیگری و کێشەی گەورەی لەبەردەمدا بوو بۆ چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم ئەزمە تازەیەدا. دیك چینی بە چاوێکی گومانەوە دەیڕوانییە سۆڤیەت و بە هەموو شێوازێك خوازیاری ڕەتکردنەوەی پێشنیاری کەمکردنەوەی بودجەی سەربازی بوو. لە کۆنگرێسدا دیموکراتەکان بەگاڵتەوە لە (دیك چینی)یان دەڕوانی بۆ ئەو کورتبینەی ئەو هەیبوو, یاخود بە دەربڕینێکی تر, نەبوونی ستراتیژیەك لەلای ئەو وەك وەزیری بەرگری. تەناتەت لەناو ئیدارەی بۆشیشدا واباسدەکرا کە ناکرێ دیك چینی لەڕیزی ئەو کەسانەدا بژمێردرێت بۆکارکردن لەسەر پێشخستنی وەلامێك کە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی نەمانی کۆمۆنیزم لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتبوو. بەڵام بۆ جەنەڕاڵێکی وەکو کۆڵین پاوەڵ, کە تازە پلەی سەرکردەی فەرماندەیی وەرگرتبوو لەو کاتەدا, ئاسانتر دەهاتە بەرچاو کە خۆی لەگەڵ ئەم دۆخە تازەیەدا بگونجێنێ.

پاوەڵ کە ڕاوێژکاری سیاسەتی ئاسایشی ڕۆناڵد ڕێگان بوو, هەر لە سەرەتاوە لە نزیکەوە ئاگاداری سۆڤیەت بوو. بۆیە گۆڕانکاریەکانی سۆڤیەت بۆ ئەو شتێك بوو کە نەدەتوانرا بەرپێبگیرێت. ئەویش وەك دیك چینی خوازیاری دانەبەزاندنی بوودجەی سەربازی بوو, بەلام جیاوازی لەگەڵ ئەودا لەوەدا بوو کە بڕوای وابوو ئەنجامدانی ئەم کارە, شتێکی بەرپێنەگیراوە. ئەوەیشی کە ئەم ئاواتی پێدەخواست ئەوەبوو کە ئەم پرۆسەی دابەزاندنی بوودجەی سەربازیە بە جۆرێك بێت کە هەتا بلێی کەم بێت. بۆیە باشترین ڕێگاش بۆ گەیشتن بەم ئامانجە, داڕشتنی ستراتیژیەکی تری سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا بوو کە پێکهاتبوو لە هێشتنەوەی توانابیە سەربازییەکانی ئەمریکا ئەگەر بوودجەی تەرخانکراویش ڕێگای ئەم کارەی نەدەدایە.

پاوەڵ و دەستەو دائیرەکەی پێیان وابوو کە لاوازبوونی سۆڤیەت دەبووە هۆی دەرکەوتنی هاوپەیمانێتی تازە و تێکەڵاو لەگەل چەندین کێشەی ناوچەیی تردا. لە حاڵەتی هاتنەپێشەوەی ڕووداوێکی واهیدا, تەنها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بەهۆی بەهرەمەندبوونیەوە لە هێز, توانای کۆنترۆڵکردنی ئەو هێزانەی هەیە کە ئەم دۆخە دەیداتەدەر. بۆ ئەوەی ئاشتی پارێزراو بێت و شکڵپێدان بەو سیستەمە نوییە جیهانییەی کە پێکدێت بە خواستی ئەمریکا بێت, دەبوایە ئەمریکا بالادەستییە سەربازییەکەی وەك خۆی بهێڵێتەوە. ستراتیژییەکە دەبوایە توانای ئەو گۆڕینەی لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرتایە کە لەلایەك باڵانسی ئەو هێزە نێونەتەوەییانەی ڕابگرتایە و لە لایەکی تریشەوە ئامادەیی خۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتە چاوەڕواننەکراوانە ئەقلیمییانەی هەبێت.

بۆ ئەوەی ئەمەش بێتە دی, دەبێ ئەمریکا نەخشەی ئامادەیی سەربازی, بە کەمترین هێزەوە لە هەموو جیهاندا هەبێت. ئەمەش بە مانای مەسرەفێکی گەورەتر, بەڵام بە چاوپیاخشاندنەوەیەکی زیرەکانە بە خودی ئۆرگانی سەربازی و باڵادەستییەکی تەکنۆلۆژی, دەکرێ بە سێ لەسەر چواری وزەی ئینسانی ئەمڕۆوە ئەنجامبدرێت.

کۆڵین پاوەڵ جەختی لەسەر ئەوەدەکردەوە کە وەزیفەی سەرەتایی ئەم ئەرکە سەربازییە لە درێژماوەشدا دەبێ بە پاراستنی جێگاوڕێگای ئەمریکا وەك زلهێزێك کۆتایی بێت:"دەبێ لەبەر دەرگاکەماندا بە خەتێکی گەورە نووسرابێت کە لێرەدا زلهێزێك دەژی, بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چی لە سۆڤییەتدا دەگوزەرێ"

ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی کە ژمارەی ئەو هێزە سەربازییەی بۆ ئەم مەبەستە پێویست بوو, دەبوایە کەمترین هێز بوایە بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە بەئەنجامبگەیێنێت. پاوەڵ داڕێژەری چەمکی Base Force بوو. ئەو چەمکەی کە بەمانای کەمترین هێزی سەربازی بۆ بە ئەنجامگەیاندن و پاراستنی هێشتنەوەی ئەمریکا وەك زلهێزێك. بەڵام گەمەی کۆڵین پاوەڵ نەدەکرا لە کاتێکی ئاوا گوونجاودا نەکرایە. دیواری بەرلین لە 9ی نۆڤێمبەری 1989 ڕووخا. پێنج ڕۆژ دوای ئەم ڕووداوە, کۆڵین

پاوەڵێك كە تازە پۆستی سەركردەیی فەرماندەیی وەرگرتبوو, پێشنیاری خۆی سەبارەت بە ستراتیژیەتی سیاسەتی ئاسایشی ئەمریكا دەخاتە بەردەستی دیك چینی وەزیری بەرگری.
بێ ئەوەی ئەو خۆشی ئارەزووی لێ بێت, دیك چینی هەستیكرد كە كەمكردنەوەی بوودجەی ئابووری شتێكی حەتمییە.
بەڵام پاوەڵ وڵفۆویتزی سكرتێری دەوڵەت بۆ پرسیارەكانی سیاسەتی بەرگری, ئامادە نەبوو تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت. وەك قسەكەر و لایەنگری یونیلاتیرالیزم و هاوكاتیش هێشتنەوەی بوودجەی سەربازی لە ئاستەبەرزەكەی خۆیدا, لەگەڵ دیك چینیدا بە چاوی گوومانەوە لە ئاڵووگۆڕەكانی بلۆكی خۆرهەڵاتی دەڕوانی. بۆیەش بە پەلە داوای لە كەسانی دەورووبەری خۆی كرد كە پێشنیارێكی ئەڵتەرناتیڤ لەبەرانبەر پێشنیارەكەی كۆڵین پاوەڵدا ئامادە بكەن. پێشنیارێك كە دەرگای لەسەر ئەوە دەكردەوە كە ئەگەری ئاڵووگۆڕەكانی بلۆكی خۆرهەڵات بەو شێوازە نەبێت كە ئیدارەی ئەمریكی چاوەڕوانیدەكرد.
لە ڕێگەی تێكەڵكردنی پێشنیاری كۆڵین پاوەڵ و وڵفۆویتزەوە , دیك چینی پێشنیارێكی تری سێیەمی پێكهێنا كە دەكرا لەبەرانبەر كۆنگرێسێكی ڕەشبیندا پێشكەشیكات. لە كۆتایی حوزەیراندا, وڵفۆویتز و پاوەڵ و چینی پێشنیارەكەیان پێشكەشی سەرۆك كرد و چەند هەفتەیەكی نەخایەند كە بۆشی یەكەم كەوتە ئاخاوتن سەبارەت بە ستراتیژیەتێكی تازە بۆ سیاسەتی ئاسایشی ئەمریكا.

## سۆڤییەت لە دەرەوەی گەمەكەدا

بناغە گشتییەكانی نەخشەكە لە لایەن جۆرج بۆشەوە لە (ئاسپێن)ی كۆلۆرادۆ لە 2 ئابی 1990 دا خرایە ڕوو. لە ئاخاوتنەكەیدا جۆرج بۆش ڕوونی كردەوە كە لەبەر ئەوەی مەترسی جەنگ لە ئاستی نێوەتەوەیدا كەمبۆتەوە, ئەگەری هەڕەشە لە ئاسایشی ئەمریكا لە گۆشە و كەناری تری دنیاوە دێت كە نازانرێت لە كوێوەیە. بۆ ئەوەی ئامادەیی ئەوە هەبێت تا ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشانە ببینەوە, پێویستە ئەمریكا تواناییە سەربازییەكانی بەجۆرێك بگوونجێنێت كە بە شێوەیەكی سەركەوتوانە بتوانێت (تەدەخول) لەو كێشە ئەقلیمییانەدا بكات و لەشكرێكی پاراستنی ئاشتی لە سووچ و گۆشەكانی دنیادا هەبێت. ئەمەش ئەو ئەركەیە كە وادەخوازێت كە ئەمریكا نەك هەر تواناییە سەربازییەكانی بە جۆرێك بێت كە زۆر بە خێرایی لەشكر بنێرێتە: (هەر سوچێكی دنیاوە) كە پێویستە, بەڵكو بەمانای ئەوەشە كە ئەو بوودجە سەربازییە گەورەیەی كە كۆنگریس بڕیاری لەسەرداوە كارێكی نا پێویستە و بێ زەمینەیە و لە ڕووی ستراتیژیشەوە بێ بناغەیە, بۆ نموونە پرۆژەیەكی وەك جەنگی ئەستێرەكان. لەگەڵ ئەو مەسرەفە زۆرەشدا كە بۆ بوودجەی ستراتیژی تازە بەكاردەهێنرێت, جۆرج بۆش جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە دووبارەسازدانەوەی ڕێكخكراوی سەربازی لە پێشنیاری تازەی لەبەردەستدا دانراو, توانای كەمكردنەوەی لەسەدا بیست و پێنجی هێزە سەربازییەكانی لە ناو خۆیدا هەڵگرتووە بۆ ئەو سالانەی كە بە ڕێوەیە. هەر هەمان ژمارەیەك كە كۆڵین پاوەڵ لە دە مانگی ڕابردوودا دركاندبووی.
بەڵام كەسانێك كە لە پشت داڕشتنی نەخشەكەوە بوون, بەختێكی گەورەیان هەبوو. ئاخر هەر هەمان ئەو ڕۆژەی كە جۆرج بۆش خوتبەی دەدا, وەك ڕێكەوتێكی سەیر, دەبابەكانی سەددام حوسەین چوونە كوێتەوە.
شەڕی كوێت بۆ ماوەیەكی كەمیش بێت, لە سیاسەتی تەقەشوفی سەربازی ئەمریكای هێنایەخوار. هاوكات سەرنجیشی لەسەر هەندێك لە لایەنە كەمبایەخەكانی نەخشەكە دوورخستەوە. شەڕی كوێت بووە سەرچاوەی ئیلهامی بیرێكی تازەتر كە لە دواتردا بوو بەیەكێك لە چەمكە بناغەییەكانی نەخشەكە: بەكارهێنانی (باڵادەستی هێز) بۆ ئەوەی خێرا و چالاكانە دوژمن وا لێبكەیت كە زیانت پێنەگەیێنێت. چەمكێك كە دواتر بووە یەكێك لە تێزەكانی دیدوبۆچوونی كۆڵین پاوەڵ.
لە دوای جەنگی كوێتەوە دووبارە پاوەڵ وڵفۆویتز سەرنجیان چووەوە سەر یەكێتی سۆڤیەت و دەستیانكرد بە كێشانی نەخشەكاری بۆ ئەڵتەرناتیڤی عەمەلی جۆراوجۆرتر لە ئەگەری دووبارە دەستتێخستنەوەی سۆڤیەت بۆ بەشێك لە گرفتە ئەقلیمییەكان. بەڵام كۆدەتا سەرنەكەوتووەكەی دژی گۆرباتشۆف لە ساڵی 91 دا دەریخست كە خەیاڵێكی وا چەند كارێكی بێ مانایە تا وزەیەكی ئەوتۆ لە نەخشەكارییەكی ئاوادا بەخەرجبدرێت. هەر بۆیەش لە دیسەمبەری هەمان ساڵدا كاتێك پێنتاگۆن سەرقاڵی چۆنێتی پراكتیزەكردنی نەخشەكە بوو, سۆڤیەت وەك ماڵێكی دروستكراو لە كارتی پۆكەر ڕمایەخوار.

بە چوونەدەرەوەی سۆڤڤیەت لە کایەکە, ئەمریکا لە دووڕیانێکدا قەراری گرت. ڕابەرایەتی سیاسی ئەمریکا یان دەبوایە لە گەرمەی ئەم شادیگرتنەدا بە شوێن گەشە پێدانی سترەکچەرێکی مەڵتیلاتێرالەوە بێت ( واتا سترەکچەرێك کەلەسەر هاوکاری ئەوانی دی راوەستاو بێت ) کە دەبوایە ڕابەرایەتی ئەو دووبارە خۆسازدانەوە ستراکتۆریە گلۆباڵییەی بکردایە کە بەڕێوە بوو, یان دەبوایە دەسەڵاتی خۆی قایم دابکووتایە و ستراتیژییەکی یونیلاتێرالیزم بخاتە دەستووری کارەوە کە لە ڕێیەوە تاکە ڕابەری جیهانی بۆ مسۆگەربکات. ئەوان ئەم ڕێگایەی دووەمیان هەڵبژارد.

لە سەرەتای ساڵی 1992 دا, هێڵێکی تر بۆ نەخشەکە زیادکرا. کۆڵین پاوەڵ لەبەردەم لیژنەی پرسیارەکانی دیفاع لە کۆنگرێسدا ڕوونیکردەوە: " کە ئەمریکا دەبێ هێندە هێزی هەبێت تا هەر نەتەوەیەك بتۆقێنێت کاتێك هەر بە خەیاڵیشیدا بێت کە بیەوێ لە ئاستی دەسەڵاتی گلۆباڵدا بەرابەرکێمان لەگەڵ بکات."

دواتر کۆڵین پاوەڵ وتی:" دەمەوێ تاکە پاڵەوانی ساحەکە بم؛ بەمەش ئەو پەیامەی نارد کە هەر کەسێك دەیەوێت وەك پاڵەوانی دژ بازییکات:" دەبێ خاوەنی سەری خۆی نەبێت, تەنانەت ئەگەر تەنها نیازی ئەم بەرابەرکێیەیشی لەکەللەدا بێت"

لە کاتێکدا کە کۆڵین پاوەڵ و دیك چینی سەرقاڵی گەشەپێدانی پێشنیارەکانیان بوون لە کۆنگرێسدا بۆکردنی بە ستراتیژیەك, وۆڵفۆویتز خەریکی گەشەپێکردنی نەخشەکە بوو تا لەگەڵ پرسیارێکی سیاسی تایبەتدا بیگونجێنێ بۆ پراکتیزەکردن. لە بەهاری 1992 دا ئەو ڕابەرایەتی ئەو کۆمیتە نهێنییەی دەکرد لە پێنتاگۆندا بەمەبەستی ئەوەی کە بەرزترین بەرپرسیاری سەربازی یاسای چەکەکان ئەم دۆکۆمێنتەی لەبەردەستدا بێت بۆ بڕیاردان لە بوودجەی سەربازی و ستراتیژی و قەوارەی هێزەکانی ئایندە. ئەم دۆکۆمێنتە ئاشکرانەکراوە دواتردا ناوی Defense Planing Guide DPG لەخۆگرت.

نەخشەی ( دی پی جی ) بۆ جیهانێك داڕێژرابوو کە تیایدا کە تاکە ڕۆڵی زلهێزی ئەمریکا مسۆگەر بکات لە ڕێگەی تێکەڵێك لە ڕابەرایەتیکردنی چالاکانەی سیاسی و باڵادەستی سەربازی ئەمریکاوە.

## چارەسەری پێشپێگرتن , (پریڤێنتیڤ)

بە پێی نەخشەی ( دی پی جی ) سەرەتایترین ئامانجێك لە ستراتیژی سیاسەتی دیفاعی ئەمریکادا پێویستە ئەوە بێت کە:" ڕێگا لە دەرکەوتنی ڕەقیبێکی دیکەی تازە بگیرێت لەبەرانبەر ئەمریکادا" بۆ ئەوەی ئەم ئامانجەش بێتە دی, دەبێ ئەمریکا:" نەیەڵێت ڕژێمێکی دوژمنکارانە بگاتە ئاستێکی باڵای دەسەلات لە هەر سووچێکی دنیادا".

بەلام دووبارە چەمکێکی تریش داهێنرا:" چالاکی سەربازی نوواندن بەمەبەستی پێشپێگرتن". ئەم ئەڵتەرناتیڤە تازەیە لە ( دی پی جی ) دا وا ڕوونکراوەتەوە کە لە بەکارهێنانی ئیجرائاتی پێشپێگیرییانە لە بەرانبەر پەلاماری چەکی ئەتۆمی, بایۆلۆژی و یاخود کیمیاویدا دەستپێدەکات و درێژدەبێتەوە بۆ "سزادانی" هەر دوژمنێك لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێك ئیجرائاتی ترەوە, لەوانە پەلاماری سەربازی بۆ سەر بنکەی بەرهەمهێنانی چەکەکانیان.

لە ( دی پی جی ) دا جەخت لەسەر پێویستی هێشتنەوەی پرۆگرامە گەورە و نادیارە ئەتۆمییەکانی ئەمریکا دەکرێتەوە و هاوکاتیش نەتەوەکانی تریش دەتتۆقێنرێن ئەگەر پڕۆگرامی ئەتۆمی خۆیان پێشبخەن.

بە کورتییەکەی, نەخشەکە بریتییە لە بالادەستی بێ چەندوچۆنی ئەمریکا لە جیهاندا بە یارمەتی ڕەفتارێکی سیاسی یونیلاتێرالیستانە و بالا دەستی سەربازی. ئەگەرچی هاوپەیمانییەکی وەك ئەوەی لە جەنگی کەنداوی یەکەمدا پێکهات:" بەهایەکی گەورەی هەیە بۆ چالاکی نواندنێکی کۆلێکتیڤانە", بەلام دەبێ ئەمریکا لە هاوپەیمانییەکانی داهاتوویدا بە شوێن :" هاوپەیمانێتییەکی کورتماوەوە بێت کە درێژتر نییە لە تەمەنی ئەو ئەزمەیەی دێتە ئاراوە, یان لە زۆرترین حاڵەتدا هاوپەیمانێتییەکی پێکەوەیی کۆنتراکت لەسەر کراوە دەربارەی ئەو ئامانجە دیاریکراو و سنووردارەی کە دەبێ پێیبگەین."

هەر بۆیەش زۆر گرنگە کە:" ئەو هەستە بخولقێنین کە سیستەمی جیهانی لە دوا ئەنجامەکانی خۆیدا لەلایەن ئەمریکاوە چاودێری دەکرێت." وە دەبێ ئەمریکا خۆی ئامادەبکات کە:" بە تەنها بتوانێت کاردانەوە بنوێنێت ئەگەر نەتوانرا هاوکارییەکی کۆلێکتیڤانە بەدەستبێنێت. یاخود ئەگەر ئەزمەی خولقاو پێویستی بە وەڵامدانەوەیەکی کوتوپڕ بێت"

ئەگەرچی ئەمریکا ناتوانێ وەك پۆلیسێکی نێونەتەوەیی چالاکی بنوێنێ", وەك لە دەستنووسەکەی (دی پی جی) دا جەختی لەسەردەکرێتەوە, "بەلام لە درێژ ماوەدا, بەرپرسیارێتی سەرەکی دەکەوێتە سەر ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەرچەشنە هەڕەشەیەك کە نەك هەر لە ئێمە دەکرێت, بەڵکو لە دژی بەرژەوەندی هاوپەیمان و دۆستەکانیشمانە"

لە ناو ئەو بەرژەوەندییە گرنگانەدا کە لە دەستنووسەکەدا ناوی دەبرێت:" بە دەستهێنانی کەرەستەی خاو لەوانە نەوت لە پلەی یەکەمدا لە ناوچەکانی کەنداودا , بلاوبوونەوەی چەکی کۆکوژی و پاراستنی هاوڵاتیانی ئەمریکی لە هەڕەشەی تیرۆریزم, باسییان لێوە دەکرێت."

لە مارسی 1992دا , ئەم دۆکۆمێنتە نهێنی مۆرکراوە لە ڕێی نییو یۆرك تایمزەوە , دزەدەکاتەدەر. یەکسەرەش لەلایەن هێزەکانی چەپ و ڕاستەوە کەوتە بەر ڕەخنە. کاردانەوەی دیك چینی ئەوە بوو کە دوورەپەرێزی خۆی لە نەخشەکە ڕابگەێنێت. بەڵام کۆڵین پاوەڵ لەلای خۆیەوە پارێزگاری لە بیرە بناغەییەکانی نەخشەکە کرد. لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیدا ڕایگەیاند:"کە تەواو لە جێی خۆیدایەتی کە ئەمریکا فەرمانڕەوایەتی جیهان بکات لە ڕێگای ئەو بالادەستییە سەربازییە گەورەیەوە کە هەیەتی, بەبڕوای من هیچ هۆکارێکیش شك نابەین تا بە هۆیەوە داوای لێبووردن بکەین" لەبەرانبەر ئەو ڕەخنەیەشدا کە لە ناوەندە مێدیاییەکانی ئەوروپاوە ڕووبەڕووی نەخشەکە کرانەوە, پاوەڵ ڕایگەیاند کە:" هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی ئەمریکا نابێ نیگەران بن لەو بالادەستییە سەربازییەی ئەمریکا چونکە دەسەڵاتێکە کە دەکرێ متمانەی پێبکرێت و ناکرێت خراپ بەکاربهێنرێت."

نەبادا ئامانجی ئاشکرای نەخشەکە, پشتیوانییەکی گەورە پەیدانەکات لە ئاستی نێونەتەوەیدا, پاوەڵ لە هەمان چاوپێکەوتندا بەڵگەنامەیەکی تری خستەبەردەست بۆ ستراتیژییەکەی. ئەو وتی لە دنیایەکی پۆست سۆڤیەتدا کە پڕە لە دژەوێنە, پێویستە ئەمریکا توانای سەربازی ئەوەندەی هەبێت کە لە بەرەیەك زیاتردا بتوانێت کاربکات:" یەکێك لەو بڕیارە نائارامیبەخشانەی کە ئێمە دەکرێ بیدەین ئەوەیە کە هێزە سەربازییەکانمان هێندە کەمبکەینەوە کە کاتێك ئێمە لە کێشەیەکدا دەرگیرین لە یەکێك لە کیشوەرەکاندا, وە ئەوە لە خۆمان نیشانبدەین کە تواناییەکانمان هێندە نییە کە لە کیشوەرێکی تردا بتوانین کاردانەوە بنوێنین, بەمەش دەرفەتی دروستبوونی ئەو تەنگەژانە دەدەین کە ئێمە خوازیاری نین"

بێ گومان دەستنیشانکردنی دوژمنێك نەناسراو بۆ ئەم توانا سەربازییەی ئەمریکا کە دەبوایە وابێت, کافی نییە, بەڵام بە بوونی دوو دوژمنی نەناسراو, نەخشەکە باشتر دەکەوتەکار.

## قسەوباسەکان دەمرن

قسەوباسەکان دەربارەی نەخشەکە هێواش هێواش بەرە و خاوبوونەوە و مردن ملییان نا, هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەمریکادا, پێنتاگۆن هیچ شتێکی ئەوتۆی نەکرد تا ئەم جەدەلە زیندوو ڕابگرێت. بەڵام لە پاش دۆڕاندنی هەڵبژاردنەوەی جۆرج بۆشەوە , نەخشەکە لە بەرگێکی تردا دەرکەوتەوە. لە کانوونی دووەمی 1993دا, دیك چینی لە ئاخرین ڕۆژەکانی خۆیدا وەك وەزیری بەرگری, نەخشەکەی لە بەرگێکی کۆتایی و ڕەسمیدا بلاوکردەوە بە ناوی Strategy Defense For the 1990 , ئامانجی سەرەکیش هەروەکو خۆی بوو:" تۆقاندنی ئەو دەسەلانە دوژمنکارانەیەی کە لە بەرانبەر بەرژەوەندییەکانماندا, لە بەرابەرکێدایە" وە ئیمکانی دەرنەکەوتنی زلهێزێکی تر لەبەرانبەر ئەمریکادا.

ئەگەر چی لەم نەخشە بلاوکراوەی دیك چینیدا هاتووە و نووسراوە کە "پێمان باشترە" بۆ چارەسەرکردنی هەر تەنگەژەیەك بە هاوکاری دەوڵەتەکانی ترەوە ئەنجام بدرێت, هاوکاتیش نەخشەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەمریکا ڕۆڵی سەرەکی و ڕابەری دەبێت لەهەر هەر جۆرە هاوپەیمانێتییەك کە دەکرێ بێتە پێش. بەڵام نەخشەکە پێ لەسەر ئەوە

دادەگرێتەوە کە هاوکاری و هاوپەیمانێتی، گونجاو و هەمە وەختە نییە. بۆیەش ئەمریکا لەسەریەتی کە "سەربەخۆیانە ڕەفتار بنوێنێت، ئەگەر زەرورەت وا پێویست بکات." بۆ ئەمەش وا پێویستدەکات کە ئەمریکا بالادەستیە سەربازییەکەی لە شوێنی خۆیدا بهێڵێتەوە و دەوڵەتەکانی تریش دەبێ لەم پرۆسەی خۆچەکدارکردنە سەربازییەدا کۆششیان بەمەبەستی بەرابەرکێ لەگەڵ ئەمریکادا نەبێت. ئەوەی کە لەم بالادەستییەدا وێنادەکرێت، بالادەستییەکی ئەرمونیانتر، هاوڕێیانەتر، بەڵام لە گشتییەتی خۆیدا، ئەم هەڵوێسوەرگرتنە هیچ مانایەکی تر نادات بەدەستەوە جگە لە هەژموونی. ئەوە ئەو پەیامە بوو کە بووە وەسیەتنامەی دیک چینی وەك وەزیری بەرگری ئەمریکا.

بەڵام ئیدارەی تازەی بیل کلینتۆن، ئەم شێوازە توندەی سیستەمی یونیلاتێرالیزمی هێواش هێواش لە ناوەرۆکە ڕەقەکەی خاڵی کردەوە. لەبری ئەوەش کلینتۆن بۆ بەهێزکردنی جێگاوڕێگای دەسەڵاتی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی ، ئەو ڕێگایەی هەڵبژارد کە جەخت دەکاتەوە لەسەر دیپلۆماتییەتی ئابووری ، ئەنستیتیوتی مەلتیلاتێرال ( کە هەر دەبێ لەلایەن ئەمریکاوە ڕابەرایەتی بکرێت )، فراوانکرنەوەی بازرگانی ئازاد لە ئاستی نێونەتەوەیدا و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەسەڵاتە هاوپەیمانەکانی تردا بەمەبەستی چالاکینواندنێکی کۆلێکتیڤانە، بۆ نموونە لە پەیوەند بە جەنگە سەربازییەکانی ئەمریکاوە لەگەڵ هاوپەیمانانێکی تردا. کلینتۆن لە پەیوەند بەو چالاکییە سەربازییانەی کە لەسەردەمی ئەودا هاتنە پێش و ئەمریکا ڕۆڵی سەرەکی تیادەبینی، بەو شێوازی هێزەوە ئەنجامی نەدەدان کە بەرپرسیارانی ستراتیژی ئەمنی قەومی ئیدارەی بۆش خوازیاری بوون. وڵفۆویتز زۆر تووڕە بوو لەبەرانبەر سیاسەتی کلینتۆندا لەبەرانبەر عێراقدا. لە کاتی جەنگی ئەمریکادا لە کوێت، وڵفۆویتز ڕەخنەیەکی توندی لەو بڕیارە بوو کە جەنگ بەکردنەدەرەوەی لەشکری عێراق نابێ کۆتایی بهاتایەوە و دەبوایە ڕووخاندنی ڕژێمی بەشوێندا بهاتایە. هەر بۆیەش ئەو داوای لە ئیدارەی کلینتۆن کرد کە بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە، دەبێ کۆمەکی چەك بە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بکرێت و هاوکاتیش هێزی زەمینی بنێردرێت بۆ پاراستنی بنکەکانی ئۆپۆزسیۆن لە باشووری عێراقدا. لە وتارێکدا کە وڵفۆویتز لە ساڵی 1996دا نووسیویەتی، ئەو پرسیارە دەهەژێنێت کە پەیوەندی بە "لەشکرکێشی پێشپێبگیرانە"وە هەیە و دەنووسێت: " دەبێ ئێمە هەر ئاوا بە ئارامی دابنیشین و دڵخۆشی خۆمان بەوە بدەینەوە کە خەریکی چاودێریکردنێکی پاسیفیستانەین یان کۆکردنەوەی زانیاری بێکاریگەرین، لە چاوەڕوانی ئەوەدا کە جەللادێك دەیەها بنکەی پەرەپێدانی چەکی کۆکوژی دروستبکات و تا پێماندا بکێشێت." هەر بۆیەش لەبری ئەم کارانە، ئەو پێشنیاری ئەوە دەکات کە "پێویستە" لە چاودێریکردنێکی پاسیفیستانە واوەتر بڕۆین.

## دووبارە گەڕانەوە

پاش هەشت ساڵ لە هەڕەمی دەسەلاتدا، سەردەمی کلینتۆن کۆتایی هات. سەردەمێك کە لەلایەن دیك چینی و هاوکارەکانیەوە بە سەردەمی ریسکی سەربازی سەرنەکەوتوو و جۆرە دەنووکوەشاندنێکی تۆڵەکارانە ئاماژەی پێدەکرێت. لەگەڵ هاتنەوەسەرکاری بۆشی کوڕدا، تاقمە قەدیمییەکە دووبارە هاتنەوە ناو دەسەڵات بۆ ئەوەی لەو شوێنەوە دەستپێبکەنەوە کە کۆتاییان پێهێنابوو. ئەمجارەیان دیك چینی وەك جێگری سەرۆك و کۆلین پاوەڵ وەك وەزیری دەرەوە، وڵفۆویتزیش وەك دووهەمین کەسایەتی لە پەنتاگۆندا، هەمووشیان لەژێر سایەی وەزارەتەکەی دۆناڵد رامسفێلد دا.

بازنەی دەوروبەری دیك چینی ، لە ماوەی هەشت ساڵی دەسەڵاتدارێتی کلینتۆندا، بۆچوونی خۆیان لە پەیوەند بە ستراتیژی سیاسەتی ئەمنی ئەمریکاوە نەگۆڕی بوو. بەڵام لەسەرەتای هاتنە سەرکاری بۆشەوە ، پێیان وا نەبوو کە دووبارە نەخشەکە دەبوایە دروستبکرێتەوە. لەبری ئەوەی خەریکی داڕشتنی ستراتیژیەکی تایبەت بن لە پەیوەند بە سیاسەتی دەرەوەدا، سەرنج و چەقبەستنییان لەسەر کۆمەڵێ پرسیاری تری جۆراوجۆر بوو کە هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بەیەکەوە نەبوو. بۆ نموونە پرسیاری وەك پرۆگرامی "جەنگی ئەستێرەکان" دووبارە خرایەوە ناو ئەجێندای سیاسی. دواتریش بابەتی یونیلاتێرالیزم خرایەوە ناو بڕیارەکانی ئیدارەی تازە و یەکسەرە و لە تەرەفی خۆوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ABM ( Anti Ballistic Missile Treaty ) یان لەگەڵ ڕووسیادا دا. ڕەتکردنەوەی قبوڵکردنی

ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی لە پەیوەند بە قەدەغەکردنی تاقیکردنەوەی ئەتۆمی و ڕازینەبوون و بەرهەڵستی نیشاندان لەبەرانبەر دادگای نێونەتەیی لە پەیوەند بە تاوانکارانەوە, بەشێکی تری ئەو بڕیارانە بوون کە ئیدارەی تازە پێیەوە سەرقاڵ بوو. ئیدارەی تازە هەڵوێستێکی ئاشکرا و توندتری دیپلۆماسی لەبەرانبەر جیهاندا گرتەبەر. ڕەنگە ئاشکراتریان ئەو نەغمە توونده بێ کە لەبەرانبەر چین و کۆریا باکوردا دەبینرا. ئەگەر چی هیچ یەکێك لەم بڕیارانە نەدەکەوتە دژایەتی ئەو خواستەوەی کە ئەمریکا دەبێ باڵادەست و سەروەری جیهان بێت, بەڵام هیچ کامێك لەو بڕیارانە بە شێوەی بەشێکی لێکنە پچڕاوی ستراتیژییەك نەدەهاتە پێش چاو.

ئەوە لەدوای 11ی سێپتەمبەرەوە بوو کە نەخشەکە بە توانای گەورەی خۆیەوە هاتەوە سەر شانۆ. تەنها چەند ڕۆژێکی دوای پەلامارەکەی بنکەی بازرگانی جیهانی و پەنتاگۆن بوو کە وۆڵفۆویتز قسەی دەربارەی پەلاماری یەکلایەنانەی ئەمریکاوە دەکرد بۆ سەر عێراق, بێگوومان ئەویش لەو گۆشە نیگایەوە کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە نەیدەتوانی ئەو پەلامارە ئەنجامبدات ئەگەر کۆمەکی چالاکانەی سەددام حوسێنی نەبوایە. لەسەرەتاوە بۆش ئەو ئەفکارانەی ڕەتدەکردەوە. بەڵام وۆڵفۆویتز بەردەوام بوو لەسەر فشارهێنان تا لە دوا ئەنجامدا بیرەکەی پەسەندکرد. لە کانوونی دووهەمی ئەمساڵدا, 2002 دا و لە وتەی سەرۆکدا بۆ خەلکی ئەمریکا, جۆرج بۆش, عێراق و ئێران و کۆریای باکووری وەك تەوەری شەڕ ڕاگەیاند و دووپاتی کردەوە کە ئەو نیازی نییە "چاوەڕوان بێت تا شتێك دەقەومێت" بۆیە دەبێت لە پێشەوە دەستبەکار بێت.

لە ئاخاوتنێکی تری خۆیدا لە قوتابخانەی جەنگی وێست پۆینت لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا, دیسانەوە جۆرج بۆش هاتەوە سەر ئاخاوتن لە پەیوەند بە هەمان بابەتدا:" ئەگەر ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بین تا هەڕەشەکان دەبنە هەڕەشەی واقیعی, ئەوا زۆر چاوەڕوانیمان کێشاوە. دەبێ لەگەڵ دوژمنەکانماندا بجەنگێین, نەخشەکانیان تێکوپێك بشکێنین و بەرانبەر هەڕەشەکانیان ڕاوەستینەوە بەرلەوەی ئەوان دەستبەکار بن."ئەگەر ئەم ئاخاوتنەی بۆش سەرنجدانێکی گەورەی بەشوێن خۆیدا نەهێنا, بەڵام دووبارە گرنگترین پەیامەکانی نەخشەکەی بەرهەمهێنایەوە. ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەمریکا ڕێگرییێکهێنەری دەرکەوتنی هەر هێزێکی ترە لە ئاستی گلۆبالدا و ئەویش لەڕێگەی هێشتنەوەی ئەو باڵادەستییە سەربازییەوەی کە هەیەتی. بەمەش بۆشی کوڕ بە هەمان شێوە پەیڕەوی ئەو ستراتیژییەی کرد کە بۆشی باوك دە ساڵ بەر لەئێستا دایڕشتبوو بە مەبەستی هێشتنەوەی جێگاوڕێگای ئەمریکا وەك زلهێزێکی گلۆبال.

تەواوی ڕۆژنامە نووسە سیاسییەکانی ڕۆژ لە کۆمێنتارەکانیاندا دەربارەی وتەکانی بۆش , جەختیان لە وشەی Prevention دەکردەوە وەك ئەوەی کەسیان گوێیان لەوە نەبوو بێت کە سەرۆك دەربارەی تاکسواری و باڵادەستی بێ ڕەقیب دەدوێت. ئەگەر بۆ زۆر کەسیش ناڕۆشن بوو بێت کە ئیدارەی بۆش مەبەستی چییە و چۆن بیردەکاتەوە, بە پێی Defense Planing Guide ی ئیدارەی بۆش کە لەلایەن دۆناڵد ڕامسفێڵدەوە ئیمزاکراوە لە مانگی ئایاردا و بە دوو مانگ دوای ئەوەش لە لوس ئەنجلس تایمزدا بڵاودەکرێتەوە, دەتوانن بەڵگەی ڕۆشننیان دەست بکەوێت و کۆتایی بە "نەزانینەکانیان"بێنن. چەمکی "دەستپێشخەری بۆ پێشپێگرتن" کە لە دەستنووسی یەکەمی نەخشەکەدا ئاماژەی پێدەکرێت, دەگۆڕدرێت بە " پەلامار بە بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەك". تێزی کۆلین پاوەڵیش کە دەڵێ "پەلاماری دوژمن دەبێ بە زەبرێکی گەورەی سەربازی ئەنجام بدرێت", ناوێکی دی بە خۆیەوە دەگرێت و دەکرێتە "کاریگەرانە ئاڕاستەکراو".

## ئاسمان بخەیتە ژێر ڕکێفی خۆوە.

لە وەسفکردنی نەخشە تازەکەدا باس لە زەرورەت و گرنگی ئەوە دەکرێك کە ئەمریکا دەبێ ستراتیژی سەردەمی جەنگی سارد وەلا بنێت, ستراتیژییەك کە پووختەکەی بریتی بوو جەنگکردن لە دوو بەرەدا. بەڵام بە پێی وەسفکردنەکانی لوس ئەنجلس تایم:" ستراتیژییەکی ئاڵۆزتر بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی تەواوی ئاسمان و جەنگین لە چەندین بەرەدا." بەڵام لە تەفسیر و دیدی رامسفێڵدەوە, نەخشەکە کۆمەڵێك بیری تازە بە خۆیەوە دەلکێنێت کە گرنگترینیان کردنەوەی دەرگایە بە

ڕووی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیدا ئەویش لە چوارچێوەی تیۆری "پێشپێگرتن"دا. واتا ئەو چەکە ئەتۆمییانەی کە زەوی کوونکەرن و بە مەبەستی لێدانە لەو خاڵانەی کە لە ژێر زەمیندان و دەکری ڕاداری ژێرزەمینی و شوێنی دروستکردنی چەکی کۆکوژی بن. بەڵام تەفسیری ڕامسفێڵد و هێڵە سەرەکی و گشتییەکەی ئەو بۆ نەخشەکە , لە وتاری خۆیدا دەردەکەوێت کە لە Foregin Affairs دا بڵاوکراوەتەوە و دەستنیشانی گرنگترین خاڵی نەخشەکە دەکات, :" یونیلاترالیزم و باڵادەستی گلۆباڵی". لە دەستنووسە دەستکاریکراوەکانی 1992دا, ڕامسفێڵد هەستی هاوکاریکردن لەگەڵ نەتەوەکانی تردا دەردەبڕێت, بەڵام لە نەخشە تازەکەدا دەنووسێ:" قازانجی زۆری تیادایە بۆ ئێمە ئەگەر هاوپەیمانێتی دروستبکەین بەڵام جەنگ لە ڕێی کۆمیتەکانەوە ناکرێت ئەنجامبدرێت, هاوپەیمانێیەکانیش ناتوانن بڕیار لەسەر ئامانجەکانی ئەو کردەوەیە بدەن کە هاوپەیمانێتی لە پێناویدا بۆ پێکهێنراوە." ئەگەر بەینی دێڕەکان بخوێنرێتەوە, ئەوە بە مانای ئەوە دێت کە تەنها ئەمریکایە ئامانج دیاریدەکات و هەر خۆشییەتی ڕابەرایەتی شەڕەکان دەکات. دوا پەیامێك و ئامانجێك کە ڕامسفێڵد دەربارەی نەخشەکە دەیخاتە بەردەست ئەوەیە کە نەهێڵرێت کە هیچ ڕەقیبێکی مونافس لە سەر شانۆی سیاسەتی نێونەتەوایەتیدا سەربەرزکاتەوە. ئامانجی ئەمریکا پێویستە ئەوە بێت کە توانای سەربازی خۆی پێشبخات و بیهێڵێتەوە بە مەبەستی تۆقاندنی هەر ڕەقیبێکی دیکە کە نیازی بەرابەرکێی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە. دیارە بە بودجەیەکی پێشنیارکراوی وەك 379 ملیار دۆلارەوە بۆ ساڵی 2003, ئەمریکا بە بێ هیچ ڕێگرییەك توانای بەدیهێنانی ئەم ئامانجەی هەیە.

کاردانەوەکانی کە لە بەرانبەر دوا شێوەی نەخشەکەدا نیشاندران, هەمووی لەسەر ئایدیای "پێشپێگرتن" بوون. هەر بۆیەش کۆمینتاتورە سیاسییەکان , وشەکانی دەوڵەت دەکەنە هی خۆیان و " پەلاماری پێشپێگیرییانە" دەکەنە ئەو ستراتیژییە تازەیەی بۆ ئەوەی لە جەنگی دژی تیرۆریزمەوە سەرنجی بدەنێ.

بەڵام ئەمڕۆ چەمکی "پێشپێگرتن" تەنها گۆشەیەکی بچکۆلەی نەخشەکەیە. نەخشەیەك کە نە تازەیە و نە هیچی تر. بەڵکو لە ڕاستیدا بەرئەنجامی چەندین جار گەرمکردنەوە و کوڵاندنی ئەو ستراتیژییەیە کە دیك چینی و هاوکارەکانی لە ساڵی 1992 وەك وەڵامێك بە کۆتایی جەنگی سارد, دایانڕشت. ئەو کاتە ئامانجی نەخشەکە بریتی بوو لە باڵادەستییەکی بێ ڕەقیب لە ئاستێکی گلۆباڵدا, ئەگەر چی کاردانەوە نێونەتەوەییەکان لەو کاتەدا زۆر زۆر توووند بوون. بەڵام ئەمڕۆ هەمان نەخشە لە جەنگی دژی تێرۆریزمدا بەکاردەبرێت و جەختکردنەوەکانیش هەر لەسەر چەمکی پێشپێگرتنە, کەچی کاردانەوەکانیش پۆزەتیڤن. بەڵام لەسەرەتای نەخشەکە و تا کۆتایی, ئەو داوە سوورەی کە سەرتاپای نەخشەکەی تەنیوە, بریتییە لە باڵادەستی بێ وێنە لە ئاستی نێونەتەوەیدا.

ئەوەی جێبگای بیرهێنانەوەیە ئەوەیە کە ڕۆژگارێك ئەمریکا, خەیاڵ و بیری پەلاماردانی بێ ئاگاداری و ناوەختانەی فرێدایە کەنارەوە بە تایبەت لەچەشنی ئەو پەلامارە ناوەختەی کە ژاپۆن لە جەنگی جیهانی دووەمدا کردییە سەر "پێرڵ هاربەر" و بە کردەوەیەکی بەربەرییانەی دایە قەڵەم لە گۆشە نیگای جیهانی شارستانییەوە. بەڵام لە ڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا, کەم نین ئەوانەی کە فیکری پەلاماردانی بێ ئاگادارکردنەوە و ناوەختانە بە کردەوەیەکی گەورە دەنرخێنن, تەنانەت ئەگەر ئەو پەلامارادانانە چەکی ئەتۆمیشی تیا بەکار بهێنرێت.